# ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت بە پێی یاساکانی کاری عێراقی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی
# توێژینەوەیەکی شیکارییە لە شاری هەولێر

**ID No. 573**

(PP 68 - 85)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.6

**صباح احمد نجار**

**دانا رحمان خضر**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

dana.khidr@su.edu.krd

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

sabah.najar1@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/06/26**

**پەسندکردن : 2022/10/24**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

کەرتی تایبەت یەکێکە لە بناغەکانی بەرەوپێشبردنی سیستەمی ئابووری هەموو وڵاتێك. ئەم کەرتە بە پێچەوانەی کەرتی گشتی لەلایەن تاك و کۆمپانیاکانەوە بەڕێوە دەبرێت، هەربۆیە ئامانجەکانی زۆربەی دام و دەزگاکانی ئەم کەرتە لەسەر بنەمای قازانجکردن دادەمەزرێن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ئەم کەرتە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو گەشەسەندنی باشی بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هێشتا لە سەرەتای گەشەسەندن دایە بە بەراورد بە وڵاتە سەرمایەدار و پێشکەوتووەکان، ئەوەی دەبێتە بەشێکی گرنگ لەم کەرتەش، هێزی کارە. هێزی کار ئەو تاك و ئەندامانەن کە بەشداریەکی گەورە دەکەن لە ئابووری هەموو وڵاتێك، ئەمانیش لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازات کاردەکەن کە بەپێی یاسا بۆیان دیاری کراوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەندێك جار ئەم مافانە پێشێل دەکرێن، جا چ لەلایەن خاوەن کار بێت یان سنورداری ماف و ئیمتیازەکان بێت لەلایەن دامەزراوەکە خۆیەوە. پێشێل کردن و نەدانی مافە سەرەکیەکانی کارمەند لەم کەرتەدا کاریگەری بەرچاو دادەنێت لە سەر رەوش و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کارمەندەکان، کە ئەمەش گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت. هەرلەسەر ئەم بنەمایە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتیە لە خستنەرووی مافەکانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت، کە بە رێگای میتۆدی شیکاری وەسفی، مافەکانی کارمەندان بەپێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٤)ی (٢٠١٢) شیکراوەتەوە. دوای شیکردنەوەی زانیاریەکان گەیشتین بەو ئەنجامانە: لە یاسای کاری عێراقی کۆمەڵێک مافی گرنگ بۆ کارمەند دیاریکراوە ئەگەر وەک خۆی جێبەجێبکرێت ئەوا کارمەند لە ڕەوشێکی باشی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا دەبێت، وەک: کاتژمێرەکانی کارکردن، ڕۆژەکانی پشوو، هەبوونی ئامێرەکانی سەلامەتی، مەرجەکانی تەندروستی. هەروەها یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زامنکردنی کاری هەمیشەیی کارمەندان و کەمکردنەوەی مەترسی لە دەستدانی کارەکەی، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی دواڕۆژی کارمەندان، بەتایبەت مافی خانەنشینی بوون، کە بە مافێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کارمەندان..

**کلیلی ووشەکان:** ڕەوشی ژیان، کارمەند، کەرتی تایبەت، یاسای کار، دەستەبەری کۆمەڵایەتی

## پێشەکی:

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2003) وە، پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە زۆر لایەن بەخۆوە بینیوە، بێگومان کەرتی تایبەتیش یەکێک بووە لەو لایەنانە، ئەم کەرتە لە زۆربەی وڵاتاندا بە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن دادەنرێت بەتایبەت ئەگەر سەرمایەکی ئابووری بەهێز و هێزی زۆری کار هەبێ، چونکە بنەمای سەرەکی ئەم کەرتە بریتییە لە سەرمایە و هێزی کار. هەروەها کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەبنەهۆی خستنەڕووی بەرهەمی زۆری ناوەخۆ، ئەوەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و کەمکردنەوەی بەرهەمی هاوردەکراوی وڵاتانی دەرەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی سەرمایەی ناوەخۆ نەچێتە دەرەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی ئەم کەرتە بریتیە لە هێز و بازووی کارمەند، بە بێ هێزو بازووی کارمەند کەرتی تایبەت ناتوانێت بەردەوام بێت لە پێشکەوتن، کارمەندان گروپێکی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی یان چینێکن کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازیان هەیە، هەندێک جار وەک لایەنێکی سەرەکی بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێن و هەندێک جاریش وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێن بە سیفەتی هاوبەشی کولتووری و ئابووری و پیشەیی. ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی شیکارییە، لە چەند باسێک پێکهاتووە لە وانە: چەمکەکانی توێژینەوە، مێژووی کارتی تایبەت، ڕەوشی کارمەندان، یاسای کار، یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی خستنەڕووی ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت.

**1. ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان:**

**1- 1- گرفتی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەنەکی زانستی بەگرفتێک دەست پێدەکاتن. واتە هەر دیاردەیەک یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی پێش ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکرێت بۆ توێژەر گرفتێکە.

(کەمی مووچە، زۆری کاتژمێرەکانی کارکردن، کارکردن لە ڕۆژانی پشوو، جێبەجێنەکردنی ماددەکانی یاسای کار لە لایەن خاوەنکارەوە، نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی)، ئەو گرفتانەن کە دووچاری کارمەند دەبنەوە لە کەرتی تایبەت، گرفتەکان دەشێ جیاواز بن لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر، یاخود لە کۆمپانیایەک بۆ کۆمپانیایەکی تر، دەشێ ڕێژەیەکی کەمی کۆمپانیاکان پەیوەندییان لەگەڵ کارمەند بە پێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی (1987) و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام هەرچی یاسای کاری ژمارە (37) ی ساڵی (2015) یە، تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێناکرێت. بە گشتی کارمەند لە کەرتی تایبەت دووچاری کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانیان هەیە.

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت، بە پێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی (1987) و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەش لە ڕێگەی چەند پرسیارێکی سەرەکی لەوانە:

أ- ئەو مافانە چین کە پێویستە بە کارمەندان بدرێت لە کەرتی تایبەت بە پێی یاسای کار؟

ب- ئایا مافەکانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت چین بە پێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی؟

**2-1- گرنگیی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک کە دەکرێت، بە گوێرەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، بۆیە گرنگییەکەی تەنیا لە لایەنی تیۆرییەوە دەخەینەڕوو.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆرییەوە دەچێتە چوارچێوەی بواری کۆمەڵناسی ڕێکخستن و کۆمەلناسی پیشەسازی، بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی زانیاری ئەم دوو بوارەی کۆمەڵناسی، هەروەها لە لایەکی ترەوە، دەبێتە هۆی زیادبوونی کۆمەڵێک زانیاری و مەعریفە لەسەر بابەتێکی گرنگی وەک : ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت، بە پێی یاسای کاری عێراقی و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**3-1- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە گرفت و پرسیارەکانی توێژینەوە، چونکە دانان و دارشتنی گرفت و پرسیارەکانی توێژینەوە، دەبنە هۆی داڕشتنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، هەروەها ئامانجەکانی توێژینەوە پێویستە بەشێوەیەکی ورد وچڕ دابڕێژرێت و توانای پێوانەکردنیان هەبێتن، بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانجمان دیاریکردووە ئەوانیش بریتین لە:

أ- زانین و خستنەڕووی مافەکانی کارمەندان لە کەرتی تایەبەت، بە پێی یاسای کاری عێراقی ی ژمارە (71) ی ساڵی (1987) .

ب- خستنەڕووی مافەکانی کارمەندان بە پێی یاسای خانەنشنین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (12) ی ساڵی (2012).

**4-1- چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**1-4-1- کارمەند** Employee

کەرتی تایبەت سەرجەم چالاکییەکانی بە هۆی ئەو کەسانەوە ئەنجامەدرێن کە کاری تیادا دەکەن، بێگومان ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێ لەسەر ئەو ڕێکخراوە یاخود ئەو شوێنەی کە ئەو کارمەندە کاری تیادا دەکات، چونکە سەرکەوتن و بەرەوپێشوەچوونی کەرتی تایبەت دەوەستێتە سەر جۆری کارمەند و ئاستی لێهاتووی و هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی. بێگوومان ئەگەر کارمەند بە ئەرکەکەی خۆی هەڵنەستا ئەوە کاریگەری دەبێتن لەسەر ئەو شوێنەی کاری تیادا دەکات، وە بە پێچەوانەشەوە. کارمەند هێزی بەردەوامی کەرتی تایبەتە، و بنەمای بەهێز بوونیشە بۆ ئەم، کەواتە کەرتی تایبەت بە بێ بوونی کارمەند بوونی نییە.

کارمەند ئەو کەسەیە کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی (Permanent Worker) کە بەلایەنی کەم زیاترلە ساڵێك یان بەشێوەیەکی کاتی (Temporary Worker)، هەندێك جارێش بە شیوەی وەرزی بۆ کۆمپانیایەك یاخود بۆ دامەزراوەیەکی

تایبەتەوە کاردەکات کە لەلایەن وڵاتەکەوە دانپێدانراوە. کارکردنەکەشی لەسەر بنەمای گرێبەستێکی دیاریکراوە، لەلایەن هەردوولا دەبەسترێت، کە تیادا هەموو مافە ماددی و مەعنەویەکانی کارمەند بەشێوەیەکی روون و دیار تیادا دەخرێتەڕوو ( Bauer, T. N. , & Truxillo, D. M, 2000, 337–346).

هەروەها کارمەند: ئەو کەسەیە کە کاردەکات لەبەرامبەر بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکی دیارکراو. بە مانایەکی تر دەتوانین بلێین کارمەند، ئەو کەسەیە کە خزمەتێك پێشکەش دەکات لە کارەکەی لەڕێگەی گرێبەستی دامەزراندنەوە، کە لەلایەن خاوەن کارەکە یان دامەزراوەکە بۆی ئامادە دەکرێت و دەخرێتە سەرکارەکە (muhl, 2002, : 3).

پێناسەی (علی - 2009)، بۆ کارمەند، کارمەند ئەو کەسەیە کە هێزی خۆی دەفرۆشێت بەخاوەن کار، لەبەر ئەو هۆیەش کارمەند بەتەواوەتی سەربەخۆیی لە ماوەی کارکردندا لە دەستدەداتن، هەرچەندە کارمەند هەرکاتێک ئارەزوو بکات دەتوانێت دەست لە کاربکێشێتەوە، بەڵام دەستکێشانەوە لە کار واتە لە دەستدانی گشت سەرچاوەکانی داهات (علی، 2009، : 157). هەروەها (الرشيدي، 2010)، دەڵێت کارمەند هەموو کەسێک دەگرێتەوە چ نێر چ مێ، کە کاری دەستی یاخود هزری ئەنجام دەدات بۆ بەرژەوەندی خاوەنکارێک، وە لە ژێر کۆنتڕۆڵ و چاودێری ئەودایە بەرامبەر بە کرێیەکی تایبەت (الرشيدي، 2010، : 9).

یاسای کاری عیراقی ساڵی (2015)، ژمارە (37)، لەمادەی (1) برگەی (6) بەم جۆرە پێناسە کارمەند دەکات: ( هەرکەسێکی سروشتی ، نێربێت یان مێ ، کەبەڕێنمایی وسەرپەرشتی خاوەنکارو، لەژێر بەڕێوەبەرێتی ئەودا ، کارێک ئەنجام بدات ، جائەگەر بەپێی گرێبەستێکی نوسراو یان زارەکی ، بەرچاو یان نادیار بێت ، یان بە ئەنجامی مەشق پێکردن یان تاقیکردنەوە بێت یان بەکارێکی ( هزری ) یان جەستەیی هەڵبسێت بەرانبەر بەبڕێک لەکرێ یان هەرجۆرێکیتر بێت بەپێی ئەم یاسایە پێی دەوترێت کارمەند (قانون العمل، 2015، : 1).

پێناسەی کارڕایی (operational definition) بۆ کارمەند: ئەو تاکەیە لە کۆمپانیایەک یاخود دەزگایەکی پەیوەندیدار بە کەرتی تایبەت کاردەکات، لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی خاوەن کاردا، بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراوی مانگانە یاخود ڕۆژانە، ئەو کارکردنەش بە پێی گرێبەستێکە چ نوسراو بێ یاخود زارەکی، لەو کارەیدا ئەو کارمەندە کۆمەڵێک ئەرکی لەسەرە کە دەبێت جێبەجێی بکات بەرامبەر بەدەستهێنانی ماف.

### 1-4-2- کەرتی تایبەت- Private Sector

بە تایبەتیکردن فەلسەفەیەکی ئابوورییە و بۆ ئابووریناسە کلاسیکیەکان دەگەڕێتەوە، پەیڕەوەی لە ستراتیجیەتی گواستنەوەی خاوەندارێتی و ئیدارەی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەکانی کەرتە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دەکات، کە بە سیاسەتی باڵای دەوڵەتەوە پەیوەست نین لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت، دەوڵەت دەبێ بایەخ بە کاروبارە گەورەکان بدات، وەک کاروباری سیاسی و ئیداری و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە بە سیاسەتە باڵاکانیەوە گرێدراوە، بەڵام تەواوی کاروبارەکانی دیکە دەکرێت لە ڕێی کەرتی تایبەت و لە چوارچێوەی ئەو یاساو سستمانەی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاری کەرتی تایبەت دایدەڕێژێت.

کەرتی تایبەت، توخمێکی بنەڕەتی و بونیادی چالاکی ئابووری خاوەنداریەتی تایبەتە، کە تیایدا پرۆسەی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای سیستەمی بازاڕ و پێشبڕکێیە، هەروەها لە کەرتی تایبەت گشت بڕیار و دەستپێشخەری چالاکییە ئابووریەکان دیاریدەکرێت لە گەڵ لە ئەستۆگرتنی سەرجەم ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (کریم ، و مسعود، 2011، ص: 3). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە کەرتی تایبەت کاتێک پرۆسەی بەرهەمهینان ئەنجام دەدات، بەمەبەستی سود وقازانج، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێک مەترسیان لەسەرە، وەک سەرنەکەوتن لەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە، ئامادەیی ئەوەیان تیایە کە ڕووبەڕووی ئەو مەترسیان ببنەوە و لە ئەستۆیان بگرن.

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا ئابووریناسی ئەمریکی (کلارکسۆن) لە باسکردنی چەمکی بە تایبەتیکردندا دەڵێت بە تایبەتیکردن گواستنەوەی شێوازی دەوڵەتییە بۆ کەرتی تایبەت، وە دووبارە تەرخانکردنەوەی دەرامەتە بەرهەمدارییە ڕەخساوەکان و سەرلەنوێ پەیکەربەندکردنەوەی چوارچێوەی دامەزراوەی دەوڵەتە، کە پرۆسەی بە تایبەتیکردنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، واتە گرتنەبەری شێوازی نوێ بۆ بەڕێوبردنی کۆمپانیاکان و ڕزگارکردنیەتی لە دەستوەردانی سیاسی ( عەلی، (2012)، : 10). واتە (کلارکسۆن) مەبەستی ئەوەیە کەوا لە کەرتی تایبەت بەرهەمهێنان بە هەموو شێوەیەک دوور دەبێتن لە کەرتی گشتی یاخود دەسەڵاتی حکومەت و ناکەوێتە ژێر دەستتیوەردانی سیاسی، ئەوەش واتای سەربەخۆبوونی ئەو کەرتە ڕادەگەیەنێت لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە. هەروەها کەرتی تایبەت مەبەست لە ڕێکخراوەکانی بواری کارگێڕی کارە، خاوەندارێتیان بۆ تاکەکەس دەگەڕێتەوە،

مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بەدەستهێنانی قازانجە، لە ڕێی بەرهەمهێنانی کاڵا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە (ئەوڕەحمان، 2014، : 9).

کەرتی تایبەت پێکهاتووە لەو ڕێکخراوانەی کە کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی و کۆمەڵێک ئەرکییان هەیە، بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی سود بەخش بە خۆیان، لە ڕێگای بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک کەلوپەلی خزمەتگوزاری یاخود کەلوپەلی بازرگانیکردن (Vaes, &. huyse, 2016, p. 11).

لەم پێناسەی کەرتی تایبەتدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا کەرتی تایبەت ئەو کەرتەیە کە هەمیشە ئەو بەرهەمانەی بەرهەمی دەهێنێت بەمەبەستی بە دەستهێنانی سود و قازانجە، واتە ئامانج لە بەرهەمهێنان و خستنەڕووی بەرهەمر، یەکەم جار بەدەستهێنانی سود و قازانجە، وە دواتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە هاوڵاتیان.

ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری،(OECD -2016 ) پێناسەی کەرتی تایبەت دەکات: بەوەی کەوا کەرتی تایبەت ئەو کەرتەیە زۆربەری کار و چالاکییەکانی لە پێناو بە دەستهێنانی سودو بەرەژەوەندی تایبەت بە خۆیەتی، وە خاوەنداریتەی تایبەتی هەیە، کە مەبەست لەوەش خاوەنداریەتی یاخود ئیشکردن نییە لە لایەن کەرتی گشتیەوە(Brachet, 2017, p. 8)

کەرتی تایبەت ئەو کەرتەیە کە لەلایەن تاک و یەکە بازرگانیەکانەوە بەڕێوەدەبرێت، لەهەمان کاتدا دەست بەسەر بابەت و میکانیزمەکانی بازاڕ دادەگرن، کە تایبەتە بە چالاکییە ئابوررییەکان، ئەوەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج. (رحمانی، 2015، : 12).

هەروەها (یاسین، 2016)، دەڵێت کەرتی تایبەت توخمێکی بنەڕەتی و ڕێکخراوی چالاکی ئابوورییە، کە خاوەندارێتی تایبەت لەخۆیدەگرێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بواری جیاجیا، لەسەر بنەمای کێبرکێ و سیستمی بازاڕ، هەمیشە دەست پێشخەرییەکی دیاریکراو دەکات و سەرجەمر مەترسییەکانی ئەو کێبرکێیە و بڕیار و چالاکیەکان دەگرێتە ئەستۆ (یاسین، 2016، : 240)

بەڵام جیاواز لەو پێناسانەی سەرەوە (دەزگای ناوەندی ئاماری فەڵەستینی - 2017 ) ، بەمر شێوەیە پێناسەی کەرتی تایبەت دەکات: کەرتی تایبەت ئەو کەرتەیە کە سەرجەمر ئەو یەکە دامەزراوەییانە دەگرێتەوە کە ناکەونە ژێر دەسەڵاتی کەرتی گشتی یاخود حکومیەوە، وە گشت کۆمپانیا و نیمچە کۆمپانیا قازانج نەویستەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو دامەزراوانە کە لە بەرهەمهێنانی کاڵاکانی نێو بازاڕدا کاردەکەن و سەر بەو ڕێکخراوانەن کە قازانجی ئابووری ئامانجی سەرەکییان نییە، وەک بەشێک لە نەخۆشخانەکان کە خەرجییەکانی خۆیان کەمدەکەنەوە یان بە بێبەرامبەر خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەشی چینێکی کۆمەڵگا دەکەن (حمدونة، 2017، :26).

لەمر پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا کەرتی تایبەت تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی سود و قازانجی تایبەت بە خۆیان کارناکەن، بەڵکو ئامانج لەو کارەیان یاخود لەمر پرۆسەی بەرهەمهێنانەیان هەمر بریتییە لە بەدەستهێنانی سود و قازانج، وەهەمر خزمەتکردنی ئەندامانی نێو کۆمەڵگا.

پێناسەی کارڕایی (Operational definition) بۆ چەمکی کەرتی تایبەت: بریتییە لەو کەرتەی کە لە لایەن خاوەنداریەتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبردرێت و خاوەنداریەی دەکرێت لە شاری هەولێر، واتە ناکەوێتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی حکومەتەوە، ئەوەش بەمەبەستی بەرهەمهێنان و خستنەڕووی ئەو کاڵا و بەرهەمانەی کەلە بازاڕدا خواستیان لەسەرە، تاوەکو زۆرترین سود و قازانج بەدەست بهێنن. واتە مەبەستی سەرەکی کەرتی تایبەت لەو چالاکییە ئابووریانەی کە ئەنجامی دەدات، بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ماددی و سودی تاکەکەسی یاخود تایبەتە.

### 1-4-3- ڕەوشی ژیان - :living condition

ڕەوشی ژیان سەرجەمر ئەو لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی کارمەند لە کەرتی تایبەت، بێگومان ئەوەش پەیوەندی هەیە بە جۆری کار و شوێنی کار و بڕی ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێتن، سەرجەمر ئەو لایەنانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوشی ژیان، ئەو کارمەندەی کە لە شوێنێکی تایبەت کاردەکاتن بە پێێ پێگەو بڕی مووچەکەی ژیانی دەگۆڕێت، ئەگەر کارمەندێک جۆری کار و بڕی موچەکەی باش بێتن ئەوا بێگومان ڕەوشی ژیانیشی باش دەبێتن، وە بە پێچەوانەوەش، هەریەکە لەو لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییانە پەیوەندییان هەیە بەیەکەوە، بەجۆرێک ئەگەر کارمەند لە کەرتی تایبەت لە بواری ئابووری کێشەی هەبێت و مووچەکەی کەمر بێتن، ئەوا کاریگەری دەبێتن لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت لایەنی دەروونی،

پێناسەی کارڕایی (Operational definition) بۆ ڕەوشی ژیان: بریتییە لە زانین و تێگەیشتن لە ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە هەریەکە لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، هەروەها جگە لەمەش تێگەیشتن لە چۆنایەتی ژیانی کارمەندان، بە تایبەت لە بواری جۆری کار، بڕی مووچە، ژینگەی کار، کارامەیی، تەندروستی، ئاسوودەیی، کاتی کار، هاوسەنگی ژیانی کار. هەروەها خستنەڕووی ئەوەی کە تاچ ڕادەیەک کارمەند توانیویەتی لە کەرتی تایبەت ژیانێکی ستاندارد دروستبکات.

### 2- تیۆری توێژینەوەکە:

بەکارهێنانی تیۆر لە توێژینەوەی زانستی، بریتییە لە بەکارهینانی یەکێک لەمر تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕەنگدانەوەی یەکێکە لە کایە زانستییەکان و دیاریکردنی شیوازی زانستی وشوناسی تایبەت بۆ توێژینەوە، بۆ ئەوەی یارمەتی توێژەر بدات لە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی و بەهێزکردن و یارمەتیدانی ئەنجامەکان، یان بابەتیکی تیۆری دیاریکراو، لە هەمان کات بۆ ئەوەی بتوانێت رەخنە لە ئەنجامی توێژینەوەیەک یان تیۆرێکی کۆمەڵایەتی تر بگرێت.

### 2- 1 - تیۆری ململانێ: Conflict Theory

تیۆری ململانێ بەگرنگترین تیۆرە ناسراوەکان دادەنرێت لە کۆمەڵناسیدا، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ململانێ باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوان گروپ و کۆمەڵگاکاندا کێشاوە، تیۆری ململانێ لەنێو زانایانی کۆمەڵناسی باوە، تیۆرەکانی ململانێ جیاوازن نەک تەنیا بەهۆی تێزە تیۆرەکەیانەوە، بەڵکو بەهۆی لایەن و بەرەکانی ململانێی و فاکتەری سەرەکی بەرپرس لەو ململانێیە لە نێوان لایەن و بەرە ململانێکارەکاندا، سەرەرای بەردەوامی ململانێ و دواهاتەکانی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا.

### 2-2- تیۆری ململانێ لە ڕوانگەی کارل مارکس: (1818-1883)

مارکس تیۆرەکەی خۆی لە باس و بابەتی جیاجیادا دەبینێتەوە. واقیعی کۆمەڵایەتی تەنها لەنێو پرۆسە زەینییەکاندا تەماشا ناکات، بەڵکو دادەبەزێتە ناو ژیانی ماددی و بەرجەستەی کۆمەڵایەتییەوە. ئەو ئابووری و ژیانی ماددی بە بیر و هزری کۆمەڵایەتییەوە گرێدەدات، ململانێی سیاسی تەنها نابەستێتەوە بە ململانێی هەژموون و پێگەی سیاسی، بەڵکو ململانێ بە دەرئەنجامی بێبەشبوون لە مادده و خاوەندارییەتی هەژمار دەکات.

تیۆری ململانێی چینایەتی لای مارکس، بنەماکەی بەمر شێوەیەیە: (مێژووی کۆمەڵگاکان، کە تا ئێستا بوونیان هەبووە، مێژووی ململانێی چینەکانە). بەمر شێوەیە کۆمەڵگای مرۆیی، هەر کە لە شیوە سەرەتاییەکەی هاتە دەرەوە، ڕاستەوخۆ دابەش بووەتە سەر چینەکان، لە ئەنجامی شوێنکەوتنی بەرژەوەندی چینەکانیان لەگەڵ یەکتردا کەوتوونەتە ململانێ. بۆ نموونە: لە جیهانی سەرمایەداریدا یەکەی ناوەکی ئەو سیستەمە واتا (کارگە): شوێنێک نییە بۆ هاوکاریی، بەڵکو شوێنێکی سەرەکییە بۆ ململانێی خاوەنکار و کرێکار، یاخود، بە بۆچوونی مارکس بەرژەوەندیی چینەکان و بەریەککەوتنی دەسەڵات، کە بەرژەوەندییەکان بەدوای خۆیدا دێنێت، دیاریکەری سەرەکی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و مێژوویین. ( کۆزەر، سیدمەن، 2014: 30).

تیۆری ململانێی مارکس پشت بە ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، مارکس لە کتێبی سەرمایە دەڵێت مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ململانێی چینایەتییە، ململانێی چینایەتیش لە نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتی پێک ناکۆکن، ئەوانیش چینی حاکمر و چینی ژێر دەست، یاخود چینی چەوسێنەر و چینەی چەوساوە، بە زانینی ئەوەی کە ئەو جۆرە ململانێیە چینایەتییە لە کۆمەڵگای کۆیەلەداری و کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوونی هەیە، مێژووی مرۆڤایەتیش وەک مارکس دەڵێت تەنیا ململانێیەکی چینایەتی نییە، بەڵکو کارەساتی ململانێی و چەوساندنەوە و قۆرخکردن بە خۆیەوە دەبینێت کە لەگەڵ ئەو ململانێیەدا دێتە ئاراوە، بە زانینی ئەوەی کە بنەمای ململانێی چینایەتی لەمر سێ کۆمەڵگایەدا فاکتەری ماددییە، چینێک هەیە خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە و چینێکی تر هەیە کە کەرستەکانی بەرهەمهێنانی نیە، بەڵکو تەنیا کۆششی مرۆیی هەیە کە لە بازاڕدا بە نرخێکی کەمر بە چینی خاوەن کارەکانی دەفرۆشێت (حەسەن، 2012، : 159-160).

مارکس پێی وایە ململانێی کۆمەڵایەتی شتێکی حەتمییە لەگەڵ پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداریدا دروست دەبێت، وە هەڵکەوتەی ململانێکە لەپێکهاتەی ئابووری سەرمایەداری و خاوەنداریەتی تایبەتدایە، لەمر پرۆسەیەشدا کە کۆنترۆڵکردنی کار و ئامرازەکانی بەرهەمر هێنان لای چینێک دەبێتە ئامانج، ئەوا نامۆبوونی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت لای چینەکەی تری کۆمەڵگا (kasongo, 2017, : 39).

کەواتە ململانێ بەردەوام هەیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پیشەسازیی کە خاوەنداریەتی تایبەت تیایدا بوونی هەیە و خاوەن کەرەستەکانی بەرهەمهێنانن. لێرەدا ئامانجەکەی ئێمە بەدەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە کرێکار ناچار دەبێت هێزی جەستەی خۆی بفرۆشێت بە خاوەنکار، لە پێناو بەدەستهێنانی کرێیەکی دیاریکراو کە زۆر کەمترە لەبەرامبەر بە ماندووبوونی خۆی.

کاتێک کە ململانێ لە ناوەندی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بوونی هەیە، ئەو ململانێیەش لە نێوان هەردوو چینی بورژواز و پرۆلیتاریایە، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە چینی بورژواز سەرجەم ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لەدەست خۆی کۆکردۆتەوە کە چینێکی کەمی کۆمەڵگا پێک دەهێنن، ئەوا کۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ دوو چینی دژ بەیەکی گەورە کە بەردەوام ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە (don, 1960, : 160). جگە لەوەش مارکس پێی وایە ئەو چینەی کە ئامرازی بەرهەمهێنانی لە دەستدایە، لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵی هەیە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هزریشدا، ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە چینی خاوەنکار هەم لە لایەنی ماددی و هەم لە لایەنی مەعنەوی زاڵە بەسەر چینی کرێکار، بۆیە تا ئێستا وەک چینێک فەرمانڕەوایی دەکەن و دەسەڵاتی دیاریکردنی کارەکانیان لە دەستە، وەک بڕیاردان لەسەر بەرهەمەکانیان و زاڵکردنی بیرۆکەکانی خۆیان لە کۆمەڵگا (Jordan, 1971, : 162).

کەواتە کێشەکە تەنیا پەیوەست نیە بە لایەنی ئاوورییەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە لایەنی دەروونی چینی کرێکارەوە، بێگوومان ئەوەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەری، بۆیە مارکس هەمیشە بەو هیوایەوە بوو کە ڕۆژێک چینی کرێکار هەموو پێکەوە یەکبگرن لە دژی چینی بۆرژواز شۆڕشێک بەرپا بکەن و تیادا دەسەڵات و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەست ئەوچینە بسەننەوە (marx &angles, :29).

شیکاری مارکس بەردەوام لەسەر ئەو تەوەرە سەرەکییە دەخولێتەوە، کە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و شوێنگەکانیان لە پەیوەندییان لەگەڵ ئامرازەکانی وەبەرهێناندا دروستدەبێت، مارکس پێی وایە کە دەستەبەرکردنی ئەم سەرچاوە و هێزانە بەشێوی نایەکسانی لە هەموو سەردەم و هەوڵومەرجەکاندا ململانێی چینایەتی کاریگەری لێدەکەوێتەوە ( کۆزەر، سیدمەن، 2014: 30). هەروەها پەیوەندی نێوان چینەکان لەڕوانگەی مارکسەوە پەیوەندیەکی چەوسانەوەییە، مارکس سەری سوردەمێنێ لەو نایەکسانیانەی کە سیستەمی سەرمایەداری دروستی دەکات، چونکە پێی وایە کە کرێکاران دەستییان بەو سامانە ناگات کە بەرهەمی کارکردنی خۆیانە، بۆیە ئەوان بە هەژاری دەمێننەوە، لە کاتیکدا ئەو سامانەی کە لە لایەن خاوەن موڵکەکانەوە کەڵەکە دەکرێت زۆرتر دەبێت، جگە لەوەش بە پەرەسەندنی کۆمپانیا نوێیەکان و بەئامێربوونی بەرهەمهێنان، کارکردن قورستر دەبێت، کارەکە خۆی سەرچاوەی سامانە، زۆر جار لە ڕوانگەی جەستەیی و دەروونیشەوە ماندووکەرە، هەروەک سەبارەت بە کرێکاری کۆمپانییایەک کە کارەکەی بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە یەک لە دوای یەکانەی کە بەردەوام لە ناو ژینگەیەک دا ئەنجام دەدرێت کە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی تیادا ئەنجام نادرێت و لە بەرامبەریشدا کرێکار بە هیچ جۆرێک مافێک بەدەستناهێنێت کە یەکسان بێت لەگەڵ ماندووبوونەکەی (گیدنز، 2012، : 291).

بۆیە بەپێی شرۆڤەو تێگەیشتنی مارکس، هەم بوونی چینەکان و هەم ململانێی چینایەتیش، شتێک نییە پەیوەست بێت بە سەردەم و شوێنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی مێژوویی و سەرتاپاگیرە، واتا هیچ کۆمەڵگایەک نییە لە هیچ سەردەمێکدا دابەش نەبووبێت بەسەر چینەکاندا، ئەویش بەگوێرەی ئەو کەرەستە و ئامرازانەی کە لەبەر دەستدان، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ململانێ لەپێناو دەستگەیشتن بەو ئامراز و کەرەستانە.

**2-3- توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژینەوەی پێشوو یارمەتی توێژەر دەدات لە دۆزینەوەی سەرچاوەی زانستی و دەبێتە هۆکارێک کە متمانەی بەخۆی زیاتر بێت لەوەی کە دەتوانێت توێژینەوەکەی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات و ئاشنای کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێ ببێت بۆ زیاتر سەرکەوتنی توێژینەوەکەی.

**2 - 3-1- توێژینەوەی (کەیفی مەغدید قادر، ئەوانی تر، 2016)، بە ناونیشانی (ڕەوشی مافی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا)**

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

أ– تێگەیشتن لە واقیعی ژیانی کرێکاران و زانینی ئەوەی کە تا چەند یاساکانی پەیوەست بە کرێکارانەوە جێبەجێدەکرێت.

ب- تێگەیشتن لە واقیعی ژیانی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی و دیاریکردنی کەمووکوڕیە یاساییەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکەڵ (mixed method) ی بەکارهێناوە، هەروەها سود لە هەردوو میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی وەرگیراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە شارەکانی (بەغداد، هەولێر، بەسرە، سلێمانی کەرکوک، دهۆک)، نموونەی توێژینەوەکەی لەسەر ئاستی یەکەمدا بریتییە لە (1000) کرێکار کە بە شێوەی مەبەستدار وەرگیراون، لەسەر ئاستی دووەم بۆ تێگەیشتنی زیاتر، توێژەران (43) چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەیان ئەنجامداوە بەمشێوەیە (1 پەرلەمانتار، 12 نوێنەری حکومەت، 16 نوێنەری سەندیکاکان، 2 خاوەنکار، 8 کرێکار، 2 ئەکادیمیست، 2 یاساناس)، فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە وەک ئامارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون بریتیین لە پێشیلکارییەکانی پەیوەست بە گرێبەستی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سەرەرای ئەوەی کە لە ڕووی یاساییەوە ئەم مافانە بۆ کرێکار دابینکراوە بەڵام لە واقیعدا زۆرینەی کرێکاران گرێبەستی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆ ناکرێت، هەروەها پێشێلکارییەکانی دەرحەق بە کرێکاران لەڕووی کاتژمێری کارکردن و پشووی هەفتانە و مانگانە، پێنەدانی مۆڵەت کرێی کارکردن بەرێژەیەکی بەرچاو بونیان هەیە.

**2 -2-3- توێژینەوەی (مشبب بن غرامة الأسمري، (2016)، بەناونیشانی: (المسؤولية الاجتماعية للقطاع الخاص تجاه العاملين) - (بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت بەرامبەر بە کرێکاران)**

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

أ- زانینی ئەوەی کە تاچ ڕادەیەک کەرتی تایبەت هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی دەکات بەرامبەر بە کارمەندان.

ب- زانینی ئەوەی کە کەرتی تایبەت تا چەند لە هەوڵی ئەنجامدانی چالاکییە سەبارەت بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی بەرامبەر بە کارمەندان.

ت- دەستنیشانکردنی بەربەستەکان بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کرێکاران.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری- ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کارگەکانی شاری جدە، نموونەی توێژینەوەکەشی لە (420) کرێکار پێکهاووە، کە بە شێوەی هەڕەمەکی و مەبەستدار وەرگیراون. توێژەر هەریەکە لە ئامرازەکانی (فۆڕمی ڕاپرس و چاوپێکەوتن)ی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

**گرتگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتییە لە:**

أ- دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت مافە ئەخلاقییەکانی کارمەندان دەپارێزن و کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی دڵسۆزی نێوان کارمەندانی ناو کارگە، هەروەها بەڕێوبەرانی ئەو دەزگایانە لەپەیوەندی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ کارمەندان بۆ بەدواداچوون بۆ بارودۆخ و ژینگەی کارکردن.

ب- بەرپرسان و بەڕێوبەرانی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لە ڕووی یارمەتیدانی داریی و هاندان بۆ داهێنان کەم تەرخەمن بەرامبەر کارمەندان.

ت- ئەو کارمەندانەی خاوەن خێزانن پێیان وایە لە ڕووی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە، بە شێوەیەکی مام ناوەند گرنگیان پێدراوە، بە بەراورد بە کارمەندەکانی تری ناو کارگە.

ث- پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری کارمەندان و پێگە و جۆری پیشەکەیان، بە جۆرێک ئەو کارمەندانەی کە دەرچووی ئامادەیین، گرنگی زیاتریان پێدراوە بە بەراورد بە ئاستەکانی تری خوێندن.

ج- پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان گرنکی پێدان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی مووچەی کارمەندانەوە، بەجۆرێک ئەو کارمەندانەی کە مووچەکەیان کەمتر لە (3000) ڕیاڵی سعودییە ئەوەیان دەرخستووە کە بە ڕێژەیەکی کەمتر گرنگیان پێدەدرێت.

**2- -3-3- توێژینەوە (2012, ozgur ongore) بەناونیشانی: (working Conditions of Employees in Private Sector in Kastamonu) (ڕەوشی کارکردنی کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە کاستامۆنو)**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانین و ئاشکراکردنی بارودۆخی کارکردنی کارمەندانی کەرتی تایبەتە لە شاری کاستامانۆی وڵاتی تورکیا.

توێژەر لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کارگەکانی سەنتەری شاری کاستامۆنۆ، نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (972) یەکەی توێژینەوە، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە :**

أ– فەرمانبەران لەو موچەیەی کە وەریدەگرن ڕازی نین، چونکە بەشی پێداویستییەکانیان ناکات.

ب– دەستەی کارگێڕی بە ئاگان لەگرنگیدان بە مەرجەکانی تەندروستیی و سەلامەتی شوێنی کار

ت– ئاستی خوێندەواری کارمەندان بەرزترە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا

ث– کارمەندان زیاتر لە کاتژمێری کارکردنی یاسایی کار دەکەن لە هەفتەیەکدا کە بە پێی یاسای کار بۆیان دانراوە.

ج– کارمەندان لەبەرامبەر کارکردنی زیادەیان، لە کەرتی تایبەت، بڕە پارەیەکی دیاریکراویان پێدەدرێت.

**2- 3-4- توێژینەوەی (Laveena D. Mello, and others 2018) بە ناونیشانی ( The Quality of Work life and Job Satisfaction of Private Sector Employees) (چۆنایەتی ژیانی کار و ڕەزامەندی کار لای کارمەندانی کەرتی تایبەت).**

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:**

أ- ئایا کارمەندانی کەرتی تایبەت ڕازین لە کارەکانیان؟

ب- زانینی گرفتەکانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت.

توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە (کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ڕیکخراوە ناحکومییەکان، بانکی تایبەت، قوتابخانەی تایبەت)، بە بێ ئاماژەکردن بە ناوی ئەو شوێنانە، نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (50) کارمەندی کەرتی تایبەت، کە توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وەریگرتوون، توێژەر بەشێوازی چاوپێکەوتن زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**

أ- لە (56%) ی کارمەندان زۆر ڕازین لە بارودۆخی کارەکانیان و بە کارێکی نایابی دەبینن، بەڵام لە (44%) بەس ڕازین و بە کارێکی ئاسایی دەبینن.

ب- لە (58%) ی کارمەندان ناڕازین لەو مووچەیەی وەریدەگرن. لە (42%) ی کارمەندان ڕازین بەو مووچەیەی کە وەریدەگرن.

ت- لە (44%) ی کارمەندان هەست دەکەن کە دەرفەتی گەشەکردن و گۆڕینی کاریان هەیە، لە (30%) دڵنیا نین لە مانەوە یان گۆڕینی کار، لە (26%) ی کارمەندان دڵخۆش نین بە گۆڕین و بەرەوپێشوەچوونیان لە کار.

ث- لە (74%) کارمەندان پێیان وایە کە پێگەیان هەیە و لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە گرنگیان پێدەدرێت، لە (26%) پێیان وایە کە هیچ پێگەیەکیان نیە و گرنگیان پێنادرێت.

ج- لە (58%) ی کارمەندان ناڕازین لەشێوازی پێدانی مووچە و پێیان وایە کە دوادەکەوێت، لە (42%) ی کارمەندان ڕازین بە شێوازی پێدانی موچە.

**3- مێژووی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان:**

خۆشبەختانە لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (1992)، هەروەها لە دوای ساڵی (2003) ، و بە تایبەت لە داوای ساڵی (2005) بەهۆی پیادەکردنی سیستەمی بازاڕو ئابوری ئازادەوە، توانراوە گەلێك دەسكەوتی ئابووری گەورە لە ئاوەدانكردنەوە و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و بەرزكردنەوەی ئاستی گوزەران و بەرزكردنەوەی داهاتی تاك و كۆمەڵگا بەرزبكرێتەوە، گەلێك پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و ئەندازیاری لەسەرجەم بوارەكانی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و ڕێگاوبان و نیشتەجێبون و كارەبا و ئاو و نەوت و گازی سروشتی و فەرهەنگ و ئەدەب و ..هتد. وەدیبهێنرێن كە پێكەوە سیمای وڵات و كوردستانیان جوانتر و ڕازاوەتر كردوە ، گەرچی ئەمانە بێ كەموكوڕی نەبوون، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو كەموكوڕیانەشدا توانراوە سەرنجی گەلێك لەكۆمپانیا گەورەكان و حكومەتەكانی ناوچەكە و دونیاش ڕابكێشرێت بۆ هەرێمی كوردستان و هەریەكە لەبوار و پسپۆڕی خۆیدا جێ پەنجەی خۆیان دیاریكردوە (موهەندیس، 2019).

پرۆسەی بەتایبەتیکردنی کەرتی تایبەت لە بواری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان مێژووی دەستپێکردنەکەی بۆ ساڵی (2002) دەگەڕێتەوە، بەڵام بەبێ بوونی ئامانج و ستراتیجیەتێکی دیاریکراو، پرۆسەکە زیاتر کەرتی پیشەسازی گرتەوە، چونکە کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی بە دەست کۆمەڵێک کێشە و گرفتی زۆر گەورەوە دەناڵێنێ، هەر لە بچووکی کەرتەکە و کەمی بەشداری لە پێکهێنانی داهاتی نەتەوەییدا و کەمی توانایی ئەم کەرتە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاری ناوەخۆ و لاوازیی توانای کێبڕکێی لەگەڵ بەرهەمی دەوڵەتانی دراوسێ، هەروەها خراپی ئامێر و کەلەوپەلی کۆن و هتد...، تا دەگاتە ئەو یاسایانەی کە ئازادی کاری ئەو کۆمپانیایانە سنووردار دەکات (عەلی، 2012، : 54).

لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک گرفتی زۆر هەیە لەبەردەم کەرتی تایبەت، تاوەکو وەک کەرتێکی چالاک کاربکات و وەک هاوبەشێکی سەرەکی کەرتی گشتی تەماشا بکرێت، بەشێکی ئەو گرفتانە پەیوەستن بەسیستمی بانکی و نەبوونی یارمەتی دارایی بۆ ئەم کەرتە، جگە لەوەش نەبوونی سیستەمی دڵنیایی یەکێکی ترە لە گرفتەکانی بەردەم کەرتی تایبەت، کە بە گرفتێکی سەرەکی دادەنرێت لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت، هەروەها نەبوونی داتا و زانیاری تایبەت بەم کەرتە یەکێکی ترە لە گرفتەکانی کەرتی تایبەت (ssali, 2020, : 676).

لە عێراق بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری کۆمپانیای نێودەوڵەتی تایبەت (Cipe)، بەرنامەی تایبەتی بۆ بواری بازاڕی ئازاد و کاری سەربەخۆیی کەرتی تایبەت داڕشتووە، پشتیوانی لەرێکخراوە ئابوورییە تایبەتەکان دەکات بۆ ئەوەی پشتیوانی لەتوانای دامەزراوەیی خۆیان بکەن و پێگە و توانایان بەهێز بکەن بۆ ڕۆڵگێڕانی کاریگەر لەپرۆسە دموکراسی و ئابوورییەکاندا ، ئەم کارنامەیەش لە تشرینی دووەمی (2006)، لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ئابووری و ڕێکخراوی بازرگانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم کارەدا گرنگترین کەرتە ئابوورییەکانی هەرێم دیاریکران و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کرا لەسەر میکانیزمی هەماهەنگی نێوانیان (ali, 2007).

سەنتەری کۆمپانیای نێودەوڵەتی تایبەت (Cipe)لە ساڵی (1983)ەوە لەگەڵ لایەنە هاوبەشە ناوەخۆییەکان کاردەکات تاوەکو بە شێوازێکی بازرگانی تایبەت چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە وڵاتان بکات کە کاریگەری لەسەر ملیۆنەها کەس هەیە، ئەندامانی ئەم سەنتەرە، باوەڕیان وایە کە کەرتی تایبەت ئەو کاتە گەشە دەکات کە دیموکراسی ڕاستەقینە لە هەموو بوارەکان و بەتایبەت لە بواری ئابووری لە ئارادا بێت. ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ ئەم سەنتەرە کاردەکەن بریتیین لە کۆمەڵەی بازرگانی، ژووری بازرگانی، زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە بازاری ئازاد و کەرتی تایبەت، ئەم سەنتەرە لە هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوەی وڵاتانی دەرەوە، یارمەتی دروستکردنی ژینگەیەکی بەتوانا دەدات بۆ بازرگانی .(ali, 2007)

ئاشکرایە کە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی کە هەیەتی بێ کەموکوڕی نیە، بەڵکو کۆمەڵێک کەم و کوڕی هەیە وەک: جێبەجێنەکردنی یاسای باج، پشتگوێخستنی پابەندیە یاسایی و داراییەکان، گرانکردنی نرخەکان، قۆرخکردنی بازاڕ، قۆستنەوەی هەلەکان، ئامانجی بەدەستهێنانی قازانجی تایبەتی، هەروەها زۆر جارانیش پێهەڵدەکێشن بۆ چەوساندنەوەی کارمەندان وەک: پێدانی کرێی کەم، کارپێکردنی زۆر، نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کارمەندان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت دوو ڕووی دراوێك بونە و پێکەوە کار و دەسکەوتی گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی بنیاتناوە (موهەندیس، 2019).

دەتوانین بڵێین کە گرنگی و ڕۆڵی کەرتی تایبەت هیچی کەمتر نیە لەکەرتی گشتی، چونکە ئەم کەرتەش تایبەتمەندی و پسپۆڕی و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە ،لە دۆزینەوە و دابینکردنی هەلی کار و نەهێشتنی هەژاری و بێکاری و کەمکردنەوەی هەڵاوسان و پێشکەوتنی وڵات.

**2 -1- ژمارەی کۆمپانیاکانی شاری هەولێر**

خشتەی ژمارە (1) ژمارەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەخاتەڕوو:

| ژ | جۆری کۆمپانیا | ژمارەی تۆمارکراو |
|---|---|---|
| 1 | خۆماڵی | 17804 |
| 2 | بیانی | 2432 |
| 3 | نوسینگە | 408 |
| **کۆی گشتی** | | 20644 |

بەپێی نوسراوی ژمارە (8643) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، لە ڕێکەوتی (2022/6/26)، ژمارەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە تۆمارکراە، لە خشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە.

لە خشتەی ژمارە (1) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵییەکان (17804) کۆمپانیایە کە تایبەتە بە کەرتی تایبەت، هەرچی کۆمپانیا بیانییەکانە ژمارەیان (2432) کۆمپانیایە، هەروەها لەگەڵ (408) نوسینگە.

**4- چینی کارمەندان لە کەرتی تایبەت**

کارمەندان گروپێکی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی یان چینێکن کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازیان هەیە، هەندێک جار وەک لایەنێکی سەرەکی بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێن و هەندێک جاریش وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێن بە سیفەتی هاوبەشی کەلتووری و ئابووری و پیشەیی (الأسمري، 2016، : 100). کارل مارکس لە پەرتوکەکەیدا (سەرمایە) و لە پەرتووکەکانی دیکەشیدا زاراوەی چینی کرێکاری زۆر بەوردی و زانستی بەکارهێناوە، مەبەستی لە چینی کرێکارانی پیشەسازی بووە، کە بەهێزی بازوو و ئارەقی ناوچاوانیان کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی پارووپەک نان، بەپێی بڕوای (مارکس)، ئەم چینە بەهیچ شێوەیەک خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نین، بەڵکو تەنیا خاوەنی هەوڵ و ماندووبونی مرۆیین، کە بەکرێیەکی کەم بە چینی سەرمایەداری دەفرۆشن، زۆرجار ئەم چینە هەژار و نەبوون و خاوەن ناوبانگ و بەهایەکی کۆمەڵایەتی نزمن بەراورد بە چینی بۆرژاوازی (ئەلحەسەن، 2012، : 122).

چینی کارمەندان لەو تاکانە پێکدێت کە لە پیشەو کارەکانی کەرتی تایبەت کاردەکەن، بەشێوەیەکی گشتی لە چینی کرێکاریشدا هەروەک چینی ناوەند، زۆر جار دابەشبوونەوەیەکی دیاریکراو لە ئارادا هەیە و توخمێکی گرنگی ئەو شێوازە دابەشبوونانەش ئاستی لێهاتوویيە، چینی کرێکاری سەروو بریتیین لە کرێکارە شارەزاکان، کە ئەندامانی ئەم چینە لە ڕوانگەی داهات و هەڵومەرجەکانی کار و دەستەبەرکردنی پیشە بەسەر تێکرای ئەو تاکانە زاڵن کە سەر بە کرێکارانی چینی خواروون، ئەگەر چی هەندێک لە لێهاتووییەکان بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانەوە گرنگی خۆی لەدەستداوە و پێگەی کرێکارانیشی لەبەرامبەر ئەو پیشانەدا تووشی لاوازی کردووە، بەڵام ئەم لێهاتوویی و شارەزاییە هەمیشە گرنگی خۆی بۆیان هەبووە، بەتایبەت لە ڕووی مانەوەیان لە داهاتوو و سەقامگیری پیشەییەوە، هەروەها بێکاریش کەمتر کاری لەم چینەی کرێکارن دەکات، چینی کرێکارانی خوارووش لەو تاکانە پێکهاتووە کە لە پیشەکانی ناشەرازا و نیوە شارەزادا سەرقاڵی ئیشکردنن، کە ئەوەش خۆی پێویستییەکی زۆر کەمی بە ڕاهێنان هەیە، دەرامەت و داهات و دەستەبەرکردنی پیشەییش لە زۆربەری ئەو بوارانەدا کەمترە لەچاو پیشە لێهاتووەکان (گیدنز، 2012، : 303).

زۆربەری ئەندامانی ئەم چینە بە تایبەت چینی خوارروو، لەسەردەمی ئێستای پیشەسازی کرێیەکی کەم وەردەگرن، بێگومان بەوەش توانای پاشەکەوت خستنیان نییە، لە جێگای پلان دانان بۆ داهاتوو ، پێویستییە کاتییەکانی خۆیان دابین دەکەن، هەروەها ئاستی خویندەواریان تاڕادەیەک نزمە و ژیانێکی مەمرە و بژییان هەیە (کۆهێن، 2014، : 340). کرێکارەکان دەتوانن پۆلێن بکرێن وەک چین یان گروپی کۆمەڵایەتی بۆ چەندین جۆر لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و گواستنەوەیان لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، لە ڕووی چالاکیانەوە دەتوانن دابەش بکرێن بەسەر کرێکارانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و کرێکارانی بەرهەمهێنەرانی کاڵای بەکاربەر، هەروەها لە ڕووی لێهاتوویی و پسپۆڕیەوە، دابەشدەکرێن بەسەر کرێکارە پیشەگەرەکان و لێهاتووەکان کە تایبەتمەندەن و ئامادەکاری خێرایان وەرگرتووە و کارەکەیان زۆر جیاوازە لە کارە سادەکان، لە کاتێکدا کرێکارە دەستیەکان ئەوانەن کە هیچ ئامادەکارییەکیان نییە و نمایشەکەیان زیاتر لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێزی جەستەیی خۆیانە (الأسمري، 2016، : 100).

**4 1- کارڵ مارکس چینی کرێکاری بەم شێوەی خوارەوە دابەشکردووە کە هەریەکەیان بەویترەوە بەستراوەتەوە:**

1- کرێکارە نەریتەکان: ئەوانەن کە هێزی بازوویان لە پێناو بژێوی ژیانیان دەفرۆشن، پێگەی نزمیان لە پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە.

2- کرێکارە بەهرەمەند و خوێندەوارەکان.

3- کرێکارە تەکنیککار و زاناکان: کە شوێنگەی دیاریکراو لە پرۆسەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان داگیردەکەن، لە واقیعدا ئەوانیش لەڕووی بونیادەوە بارودۆخیان هاوشێوەی کرێکارە بەکرێگرتەکانە، ئەوەش لەبەر ئەو پێگە نزم و داهاتەیە کە وەریدەگرن.

4- کرێکارە بازرگانەکان: وەک کارگێڕەکان، فەرمانبەری نوسینگە بیرۆکراتییەکان، ئەوانە بەدەستەحەقی ڕۆژانە یان مانگانە کاردەکەن، پارمەتی ڕێکخستنی کارگێری و جموجۆڵی ئاووری دەدەن، خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان نین، کەچی چینی خاوەنداری هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێت ئەمانە لابەرێت و کەسانی تر لە جێگەیان دابنێت (خليل، 2009، : 26-27).

پۆلێنکردن لە نێوان کارمەندان لەسەر بنەمای ئابووری و لێهاتوویە، چونکە کرێکار لەوانەیە کارێکی بەسوود بکات بەڵام بەرهەمدار نەبێت، وەک ئەوانەی لەبازاڕەکانی کاردا بەهۆی هێزی جەستەیانەوە کاردەکەن، بێگومان ئەم جیاوازیە هەمەجۆرانە ڕەنگدانەوەی زۆریان هەیە کە لە ڕێگەیەوە دابەشکردنی کار دروستدەبێت، کە کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کرێکارەوە دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی خاوەنکاران لەشێوەی پارە کرێی کارمەندان دەدەن، لە ڕوانگەی خاوەنکارانەوە ئەم کرێیەی کە دەیدەن بە کارمەندان لە سودو و قازانجییان کەمدەکاتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی کارمەندانەوە ئەو بڕە زیادەیەی کە لە کرێیەکەیان کەمدەکرێتەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەریان دەبێت و لە هەمانکاتدا سەرچاوەی سەرەکی سودو و قازانجی خاوەنکارانە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم دەرئەنجامە بدەین کە مارکس لە تیۆرەکەی پێیگەیشت :دەڵێت (سەرمایەدار لە ئەنجامی چەوساندنەوەی کرێکار قازانجی دەست دەکەوێت)، ئەوەتا زۆربەی کات لە شەقامەکانی شار مانگرتن و خۆپیشاندانی کارمەندان دەبینین کە داوای زیادکردنی کرێ و باشکردنی بارودۆخیان دەکەن (عەلی، 2009، :157-158).

لێکۆڵینەوە لە چۆنایەتی ژیانی کار (QWL) هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوەچوون لە شێوازی کارکردنی کۆن و نەریتی، وە بەرپێوەبردنی بە شوازێکی نوێ و زانستی، کە زیاتر سەرنجی خستۆتە سەر کارکردنی کارمەندان و جێبەجێکردنی ئەرکە قورسەکانیان. چۆنایەتی ژیانی کار ئامانجی سەرەکی بریتییە لە هاوسەنگکردنی پەیوەندی نێوان کارمەندان و خاوەنکاران لە کەرتی تایبەت، گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی کارمەندان دەدات، بە واتایەکی تر نابێت ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی کارمەندان قورس بکرێت لە کاتی کارکردندا بەهۆی کارکردنی زیادە و وەرنەگرتنی قەرەبووی ماددی و هتد..... (mello, 2018, : 13). پێوەرەکانی پێوانەکردنی چۆنایەتی ژیانی کار(QWL)، بریتییە لە: دەستەبەری کۆمەڵایەتی قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، ، هەلومەرجی کارکردنی تەندروست، دەرفەت بۆ بەکارهێنان و گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ،، هەبوونی پەیوەندیی لە نێوان خاوەنکار و کارمەندان، زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆنایەتی ژیانی کارو هەبوونی ئەو مافانە، بەرهەمهێنانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت زیاد دەکات، کەواتە باشترکردنی ژیانی کاری کارمەندان دەتوانێت ببێتە هۆی کاریگەری ڕێکخراوەیی، پابەندبوونی کارمەندان، ڕازیبوون لە کار، گەشەکردنی توانای کارمەندان، هەموو ئەوانەش لە کۆتایی دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم (mello, 2018, : 12).

**4 -2- ژمارەی کارمەندان لە هەرێمی کوردستان**

خشتەی(2) ژمارەی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو

| ژمارە | پارێزگا | ڕەگەز | | کۆی گشتی بە پێی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | |
| 1 | هەولێر | 47028 | 3576 | 50604 |
| 2 | سلێمانی | 33294 | 8496 | 41790 |
| 3 | دهۆک | 17108 | 1415 | 18523 |
| کۆی گشتی | | | | |
| 110917 | | | | |

**بەپێی نوسراوی ژمارە (2251) ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێکەوتی (2022/3/31)، ژمارەی کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کە دەستەبەرییان بۆکراوە و ناوی خۆیان تۆمارکردووە لە ڕۆژی دەرچوونی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی تاکو ساڵی (2021) (110,917) کارمەند بوونە کە لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە.**

لە خشتەی ژمارە (2) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی کارمەندان لە هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) (110917) کەسە، ئەو ژمارەیە تەنیا ئەو کارمەندانە کە دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆ کراوە.

**5- مافی کارمەندان لە کەرتی تایبەت بە پێی یاسای کاری ژمارە (71) ی ساڵی (1987) لە هەرێمی کوردستان:**

کارکردن مافێکی پیرۆزە ڕێگایەکی شکۆمەندانەیە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی ، بۆیە ئەم مافە لە دەستوور و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لێکراوە، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە کاریکردووە بەڵام ئەم کارکردنەی لەچوارچێوەی یاسا بۆ ڕێکنەخرابوو، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی کە بووە هۆی دروستکردنی بارودۆخێکی وا کرێکاران بکەونە ژێر هەیمەنەی خاوەنکاران و بەناوی ئازادی تاکەکەسییەوە دووچاری چەوسانەوە و ستەم بنەوە، بۆیە لەئەنجام یاسای کار بەو شێوەی کەهەیە هاتە کایەوە، تا پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار ڕێکبخات، وە جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان بەدیبهێنێت و ستەمی سەرکرێکاران وەلابنێت و یەکسانی بەگوێرەی تواناکان فەراهەم بکات، بەتایبەت لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەساڵی (1919)، ئەم یاسایە زۆرتر جێگای خۆی لەنێو زانستە هونەری یاسادا کردەوە.

لە هەرێمی کوردستان ، کۆمەڵێک یاسا و بڕیاری کارگێڕی هەیە کە مافی یاسایی کرێکاران و ئەرکەکانیان دیاریدەکات، بەڵام یاسای کار ئەوەی کە کاری پێدەکرێت بریتییە لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (71) ی ساڵی (1987) ، ئەو یاسای کارە پەیوەندی نێوان سەندیکا و خاوەنکار وکارمەندان بەهێز دەکات، لەزۆربەی وڵاتان دوو جۆری فراوانی یاسای کار هەیە، یەکەم: یاسای کاری دەستەجەمعی کە پەیوەندییەکی سێلایەنەیە لە نێوان کرێکار و خاوەنکار و سەندیکا، دووەم: گرێبەستی دامەزراندنی تاکەکەسی کە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار ڕێکدەخات، ئەم یاسایە گرنگییەکی زۆری هەیە هەم بۆ کارمەندان و هەم بۆ کۆمەڵگە بەگشتی، چونکە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەردەخات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم یاسایە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار ڕێکدەخات، هەروەها لەگەڵ خستنەڕووی جۆرێک لە هاوسەنگیی و سەقامگیریی نێوانیان، گرنگیەکی تری تایبەتی ئەو یاسایە ئەوەیە کە سەرجەم مافەکانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە ڕووی: کرێی کار و کاتژمێرەکانی کارکردن و ڕۆژەکانی کارکردن دیاریدەکات (الرشيدي، 2010، : 11).

لە یاسای کاری ژمارە (71) ی ساڵی (1987) کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، کاتژمێرەکانی کارکردنی کارمەندان لە کەرتی تایبەت یەکێکە لەو بابەتانەی کە ڕێکخراوە، هەروەک بە پێی ماددەی (55) لە یاسای کاری ژمارە (71) ی ساڵی (1987)، کارمەند ڕۆژانە نابێت لە (8) کاتژمێر زیاتر و هەفتانە لە (48) کاتژمێر زیاتر کاری فعلی بکات، سەبارەت بە پشووی هەفتانەش هەم لە یاسای ژمارە (71) ی (1987) لە ماددەی (60)، بڕگەی (1)، هەروەها لە یاسای ژمارە (37) ی (2015)، لە ماددەی (70)، بڕگەی (1)، هاتووە کە کارمەند پێویستە بە لایەنی کەمەوە لە هەفتەیەکدا (1) ڕۆژ پشووی هەبێت بە بێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەک لە کرێیەکەی کەمبکرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە یاساکانی کار لە عێراق و هەرێمی کوردستان سەرەرای پشووی هەفتانە ئەو مافەیان بۆ کارمەند دەستەبەر کردووە کە سوود مەند بێت لە پشووە ڕەسمییەکان و وەرگرتنی مۆڵەت، بەپێ یاسای کاری ژمارە (71) ی (1987) لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (67) بڕگەی (1) هاتووە کە کارمەند ساڵانە بۆی هەیە (20) رۆژ مۆڵەت وەربگرێت بەبێ هیچ کەمکردنەوەیەک لە کرێکەی، هەروەها لە یاسای کاری ژمارە (37) ی (2015) ەش هەمان ماف بۆ کارمەند دەستەبەرکراوە، لە ماددەی (75) بڕگەی (1)، (21) ڕۆژ دیاریکراوە وەک پشووی ساڵانە، هەروەها لە بڕگەی (2)، (30) ڕۆژ دیاریکراوە وەک پشووی ساڵانە بۆ ئەو کارمەندانەی کە مەترسی زیاتریان لەسەرە لە شوێنی کارەکەیان ، ئەمە جگە لە زیادکردنی مۆڵەتەکە بەپێی ساڵەکانی خزمەتی کارمەندان لە کەرتی تایبەت (قانون العمل، 71، 1987- قانون العمل، 37، 2015).

**5-1 - پاراستنی کارمەندان لە مەترسییەکانی کار:**

أ- ئاگادارکردنەوەی کرێکار لە مەترسییەکانی کار: بە پێی ماددەی (107) و (108) ی لە یاسای کاری (7) ی (1987) لەسەر خاوەنکار پێویستە کرێکاران لە مەترسییەکانی کار بپارێزێت وەک مەترسی ئاگرکەوتنەوە، تیشکدانەوە، ژەهراوییبوون، بەرکەوتنی ئامێرەکان، مەترسی تەندروستی، بۆیە لەسەر خاوەنکار پێویستە کە هەر کرێکارێک دەستبەکاردەبێت لەو مەترسیانە ئاگادار بکرێتەوە (قانون العمل: 71 -1987).

ب- پابەندبوون بە دابینکردنی هۆکارەکانی پێویست بۆ پاراستنی کرێکاران: بە پێی ماددەی (108) (1-ب) لە یاسای کاری (71) ی (1987)، پێویستە خاوەنکار هۆکار و ئامرازی پێویست بۆ کرێکار دابین بکات، وەک جل و بەرگی تایبەت و دەمامک، ئاگرکوژێنەوە، بەبێ ئەوەی تێچوونەکەی بخاتە ئەستۆی کرێکاران (قانون العمل 71-1987).

ت- پابەندبوون بە دابینکردنی چاودێری پزیشکی پێویست بۆ کرێکاران: لە ماددەی (111) لە یاسای کاری (1987)، هاتووە ئەگەر شوێنی کار (50) کرێکار یان کەمتری هەبێت ئەوەندە بەسە خاوەنکار پێداویستی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرێکاران دابینکات، بەڵام ئەگەر لە (51) تا (100) کرێکار لە شوێنەکە کاریانکرد، ئەوکاتە پێویستە نۆرینگەیەک لە شوێنی کار بۆ کرێکاران بکرێتەوە و پزیشک لە کاتی پێویست سەردانیان بکات، بەڵام ئەگەر شوێنی کار لە (101) تا (500) کرێکاری

هەبوو ئەوا پێویستە پزیشک ڕۆژانە دوو کاتژمێر لە نۆرینگەکەی ئامادە بێت، ئەگەر لە (500) کرێکار زیاتر بوو ئەو کاتە پێویستە دکتۆری ئێشکگر لە شوێنی کار بەبەردەوای ئامادە بێت (هاودیانی، 2019، : 130).

ث- پێدانی کرێ و تەواوکارییەکانی: کرێ بەیەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی گرێبەستی کار هەژمار دەکرێت، ئەگەر کرێ بوونی نەبێت گرێبەستی کاریش بوونی نابێت، تاوەکو ملکەچی یاسای کاربکرێت، کرێ بە نرخی کارکردن پێناسەکراوە، یاسادانەر لە ماددەی (41) ی ژمارە (71)ی (1987)، پێناسەی کرێی کاری بەم شێوەیە کردووە (هەموو ئەوەی کرێکار شایستەی دەبێت لەسەر ئەو خاوەنکارەی بەکاری دەهێنێت لە سامان ئەگەر ڕێگای ژماردنی هەرچییەک بێت لە بەرامبەر کارەکەی و شایستەی دەبێت لە بەرواری دەستبەکاربوونیەوە) دەکرێ کرێ پارە بێت و دەشکرێ هەرشتێکی تر بێت کە کرێکار و خاوەنکار هەردووکییان لەسەری پێکهاتبن (هاودیانی، 2019،: 133).

سەبارەت بە کرێی مانگانە بۆ کارمەندی ئاسایی بە پێی نوسراوی ژمارە (N22-132) ی ڕێکەوتی (2022/2/7)، جێگیرکراوە بە کرێی (000 350) سێ سەد و پەنجاهەزار دینار.

هەروەها لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا کە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (217) (أ- د-3) لە (10) ی کانوونی یەکەمی (1948)، بە (48) دەنگ لە کۆی (56) دەوڵەت و دەنگنەدانی (8) وڵات، پەسند کراوە لە بارەی کارکردنەوە لە ماددەی (23) بەم شێویە باسکراوە:

**ماددەی 23**

أ- هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کار بکات، بەئازادی کار و هەڵبژێرێت بۆ خۆی، هەلومەرجێکی دادپەروەر و دڵخوازانەی کاری هەبێ و، لە بێکاربوون بپارێزرێ.

ب- هەموو تاکێك، بێ هیچ جیاوازیدانانێك، مافی ئەوەی هەیە کرێی یەکسان لە بەرانبەر کاری وەکیەك وەربگرێ.

ت- هەموو تاکێك کار بکات، مافی ئەوەی هەیە لە بەرانبەردا کرێیەکی دادپەروەرانەی گونجاو وەربگرێ کە بژێو و گوزەرانێکی شیاو و بەکەرامەتی مرۆڤانە بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکا، ئەمە سەرباری ئامرازەکانی دیکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێویستدا.

ث- هەموو کەسێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەی پیشەیی و چوونە ناو سەندیکای هەیە (HUMAN RIGHTS, 1948, 6-7).

**5-2 - گرنگی یاسای کار بۆ کارمەندان لە کەرتی تایبەت:**

یاسای کار بە یەکێکە لەو یاسایە گرنگانە دادەنرێت کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر باشترکردنی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت سەبارەت کارمەندان و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی ئابووری ئەوان: یاسای کار بەرژەوەندی زیندوو و کۆمەڵێکی گەورەی دانیشتوان دەگرێتەوە، کۆمەڵە گەورەکە ئەو کارمەندانەن کە زۆرینەی دانیشتوانی کرێکاران پێکدەهێنن، کە کارێک لەبەرژەوەندی لایەنێکی دیکە ئەنجام دەدەن، هاوکات کارەکەیان لەژێر دەسەڵات و سەرپەرشتی کەسانی دیکەیە ، بەزۆری ژیانیان لەسەر ئەو کارەیە کە پێی هەڵدەستن، هەروەها ژیانیان لەسەر ئەو کرێیە لەبەرانبەر کارەکەی پێی هەڵدەستن و وەریدەگرن، بۆیە یاسای کار گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە ، لەبەر ئەوەی بەسەر کرێکاران جێبەجێ دەکرێت، هاوکات کرێکاران گەورەترین و زۆرترین چینی کۆمەڵگا پێکدەهێنن.

بەگشتی یاسای کار گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کارمەندان و دابینکردنی مافەکانی لە کەرتی تایبەت وەک: دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندان، دیاریکردنی کرێی کار، دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن، دیاریکردنی ڕۆژەکانی پشوو، دیاریکردنی مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی نەخۆشی، بە بۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارە، یاسای کار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خۆشکردنی ژیانی کرێکار و بە دەستهێنانی مافەکانی لە لایەن خاوەنکاران لە کەرتی تایبەت (مخامرە، 1991، : 211-2012).

**دەتوانین گرنگی یاسای کار بۆ کارمەندان لە دوولایەن بخەینەڕوو:**

أ- گرنگی ئابووری: یاسای کار ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر ئابووری، چونکە کرێکاران چینێکی گەورەن، بۆیە زیادکردنی کرێ و خزمەتگوزارییەکانی کرێکاران دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و کاڵاکان، چونکە تیچوون بەرزدەبێتەوە کە تێچوون بەرزبۆوە نرخ ڕاستەو خۆ بەرزدەبێتەوە، لەلایەکی تریش توانای کڕین لەلایەن کرێکارەوە بەرزدەبێتەوە.

ب- گرنگی کۆمەڵایەتی: لەبەر ئەوەی یاسای کار پەیوەستە بە چینێکی گەورەی کۆمەڵگا بۆیە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەم چینە یاخود دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی کرێی گونجاو کە ژیانێکی شکۆمەندانەیە بۆ کرێکار

داینەدەکات، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی هێنانەدی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بناغەی پێشکەوتن و کاری بەرهەمدار، بە پێچەوانەوە هەر جۆرە دەستبردنێک بۆ ماف و بژێوی کرێکاران یاخو بۆ دادکارییەکانی یاسای کار لە پێناو بەرژەوەندی دەسەڵات و خاوەنکار ڕووبەڕووی وەڵامێکی خێراو بەرپەرچدانەوەی کرێکارن دەبێتەوە (هاودیانی، 2019،: 24) .

### 6- یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لەو بەرنامە و پرۆگرامەی کە داهاتی خانەنشینی و چاودێری پزیشکی و لە خۆ دەگرێت یەکێکە لە گەورەترین بەرنامەکانی حکومەتی جیهانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک ئامرازێک بۆ یارمەتیدان بۆ داینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بیمەی ئابووری بۆ تاکەکان بە پشتبەستن بە پارەی حکومەت و کەرتی تایبەت، یەکێکی تر لە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکان کە یارمەتی تاکەکان دەدات تاوەکو لە کاتی کەمئەندامی یان پیری سودی لێوەربگرن، بیرۆکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بیمەی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت کاتی جیاوازدا پێشکەوتنی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە بە هۆی سەرهەڵدانی مەترسییەکانی زۆر بۆ ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت بەگشتی، بۆیە تاکەکان لە کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی زیاد پێویستیان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ خەملاندنە جیاوازەکانی مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم بیرۆکەکانی لە بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەی زایینیدا، بەڵام دەرکەوتنی لەم دواییەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی (20) ی زایینی، لە ئەنجامی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە ساڵی 1929دا سەریهەڵدا (خمیس، 2017).

هەروەها دەستەبەری کۆمەڵایەتی کارمەندان یەکێک لە گرنگترین ماف و پێدراوە یاساییەکانی کارمەندان، کە ئامانج لێی داینکردنی یارمەتییە بۆ ئەو کارمەندانەی کە دەستەبەریان بۆکراوە، بەتایبەت لە بارودۆخەکانی وەک: لەدەستدانی کار و نەمانی سەرچاوەی داهات بەهۆی خانەنشینی، نەخۆشی، کەمئەندامی، مۆڵەتی دایکایەتی، بریندارببوون لە کاتی کارکردن ((مؤتمر العمل الدولي، 2011، : 5-6).

#### 6-1 ئامانجەکانی یاسای خانەنشین و بیمەی کۆمەڵایەتی کارمەندان (دەستەبەری کۆمەڵایەتی):

یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ئامانجی گرنگی هەیە بۆ کارمەندانی دەستەبەرکراو، لێرەدا گرنگترین ئەو ئامانجانە دەخەینەڕوو:

أ- کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەدەستدانی کار و داهات، کەمکردنەوەی هەژاری و باشترکردنی ژیانی کارمەندان.

ب- کەمکردنەوەی نایەکسانی لەنێوان کرێکاراندا.

ت- دەستەبەرکردنی بارودۆخی گونجاوی کارکردن ژیانێکی شایستە بۆ کارمەندان.

ث- گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەبێ هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزی (مؤتمر العمل الدولي، 2011، : 6).

#### 6-2 تایبەتمەندییەکانی یاسای خانەنشین دەستەبەری کۆمەڵایەتی کارمەندان (بیمەی کۆمەڵایەتی)

**ئەم یاسایە کۆمەڵێک تایبەتمەندی گرنگی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:**

أ- بەرنامەیەکی هاومانایە کە هەردوو لایەنی کارمەند و خاوەنکارەکەی تێدایە.

ب- بەشداری دەکات لە هێشتنەوەی داهاتە بەردەوامەکان بۆ کارمەندان، بەتایبەت دوای خانەنشینی، دووچاربوون بە کەمئەندامی، ئەوەش بەشداری دەکات لە پاراستنی هێزی کڕین و لە ئەنجامدا بەردەوامبوونی چالاکی بازاڕ و پاراستنی ئاسایشی ئابووری.

ت- یارمەتی بەرزکردنەوەی هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان تاکەکانی هەمان کۆمەڵگا دەدات

ث- بەرنامەیەکی گرنگە بۆ سەرجەم کارمەندان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بۆیە پێویستە تێیدا بەشداربن (خمیس، 2017).

هەندێک لە ماددەکانی یاسای ژمارە (4) ی (2012)، هەموارکراوی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی (1971) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق سەبارەت بە کارمەندان دەخەینەڕوو:

**ماددەی (1) بڕگەی (1):** حوکمەکانی ئەم یاسایە تێکرای کرێکاران و کارگوزاران لە دەزگاو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لەناو هەرێمدا دەگرێتەوە، بەچاوپۆشین لە ژمارەی کارمەندان.

**ماددەی (2):** گەنجینەی گشتی بەشداری دەکات لە داهاتی سندووقی بیمە و خانەنشینی کرێکاران، ئەم بەشداریکردنەش بەوە دیاریدەکرێت، کە وەزارەتی دارای و ئابووری لە بودجەی ساڵانەی هەرێمدا بەڕێژەی (30%) تەرخانی دەکات لەو ئابوونانەی دراونەتە سندوق لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا.

**ماددەی (4):** ژنانی بیمەدار دوای تەواوبوونی مۆڵەتی مناڵبوون، مافی هەیە داوای مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ماوەیەک بکاتکە لەیەک ساڵ زیاتر نەبێت بە نیوە مووچە، بەمەرجێک لەبڕی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی کەمتر نەبێت، لەلایەن گەنجینەی گشتییەوە پێیدەدرێت، بەمەرجێک گرێبەستەکە تەواو نەبووبێت (یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران، 2012، ژ: 4).

**ماددەی (10):** کرێکاری بیمەدار مافی هەیە سود لە بیمەی بێکاری وەربگرێت بەگوێرەی ئەم بنەمایانە:

أ- دەبێت پێدانی بیمەی بێکاری بۆماوەیەک بێت کە لە (2) ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- کەسانی خاوەن بیمەدار لەماوەی بێکاریدا، بۆماوەیک کە لە (6) مانگ زیاتر نەبێت، بڕە پارەیەکی یەکسان بە کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت بە مەرجێک لە (3) زیاتر تێنەپەڕێت (یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران، 2012، ژ: 4).

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان کرێکارانی کەرتی تایبەت ئەگەر دەستەبەریان بۆ بکرێت و تەمەن و خزمەتیان تەواو بێت، ئەوا هاوشێوەی فەرمانبەرانی حکوومەت خانەنشین دەکرێنبەپێی یاسای ژمارە (39) ی ساڵی (1971) و یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2012) و تەواوی مافەکانی خانەنشینی دەیانگرێتەوە، ئەم یاسایە بۆ ئەو کرێکارانە بەرکارە کە تەواوی مەرجەکانیان تێدایە."ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن هاوشێوەی فەرمانبەرانی حکوومەت خانەنشین دەکرێن بە مەرجێک دەستەبەری دابێت بە حکوومەت.

کاتێک کارمەندێک لە کۆمپانیایەک یاخود پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت دادەمەزرێت پێویستە زانیاری لەسەر یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەبێت، هەروەها لە هەمانکاتدا داوا لە خاوەنکاربکات، کە ناوی خۆی تۆماربکات لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، تاکو لەم مافانە بێبەشنەبێت کە لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندان دیاریکراوە، بەتایبەت مافی خانەنشینی.

بەڵام ئەوەی گرفتی سەرەکییە لەم بابەتە ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەمی کارمەندان لە کەرتی تایبەت دەستەبەریان بۆکراوە، بێگوومان ئەوەش لە لایەک دەگەڕێتەوە کەمی بۆ هۆشیاری کارمەند و لە لایەکی تر بۆ کەمتەرخەمی خاوەنکاران دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو کارمەندە بۆ ئەوەی لە مافی خانەنشینی بێبەشنەبێت، پێویستە دەستەبەری بۆ کرابێت بەبڕی (5%) لە مووچەی مانگانە کرێکارەکە و (12%) ی کۆی مووچەی مانگانەی لەلایەن خاوەن کارەکەی، لێرەدا زۆر جار خاوەنکار تاوەکوو ناچارنەبێت ئەو بڕە پارەیە بدات ئامادەنییە ئەو کارمەندە وەربگرێت کە داوای گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات، یاخود لەم کاتانەدا کارمەند ناچارە بەو مەرجە ڕازیبێت کە خاوەنکار بۆی دادەنێت تاوەکو ئەو کارەی لەدەستنەدات، بۆیە زۆرجار خاوەنکاران ئەو هەلە دەقۆزنەوە لە دژی کارمەندان بەکاریدەهێنن، لەو کاتەدا ئەگەر کارمەند دەستەبەری بۆ نەکرابێت، کەمتر دەتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکاتن بەتایبەت لە بوارەکانی وەک: (کاتژمێرەکانی کارکردن، ڕۆژەکانی پشوو، مووچە، زیادکارپێکردنیان، هتد..) ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە پێویستە سەندیکای کرێکاران بەڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و بەرگری لە مافی کارمەندان بکات و کاریگەریان هەبێت لەسەر خاوەنکاران.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

تێبینی: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەپێی ئاراستە تیۆری بەکارهاتووی (کارل مارکس) و یاسای کاری عێراقی ژمارە (71) ی ساڵی (1987) و یسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ نوسراوی تایبەت ژمارەی کارمەندانی دەستەبەرکراو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو.

1- بە پێی یاسای کاری عێراقی کارمەند نابێت ڕۆژانە لە (8) کاتژمێر زیاتر کاربکات.
2- کارمەند دابێت لە هەفتەیەکدا (1) ڕۆژ پشوو و لە ساڵێکدا (21) ڕۆژ پشووی هەبێت
3- دەبێت کارمەند مووچەکەی لەکاتی خۆی پێبدرێت و لە بەرامبەر کاری زیادە قەرەبووی ماددی وەربگرێتەوە.

4- پێویستە لە شوێنی کارکردن ئامرازەکانی سەلامەتی و مەرجەکانی تەندروستی هەبێت.
5- هەموو کارمەندێک مافی ئەوەی هەیە ناوی خۆی تۆماربکات لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی
6- یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زامنکردنی کاری هەمیشەیی کارمەندان و کەمکردنەوەی مەترسی لە دەستدانی کارەکەی.
7- یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی دواڕۆژی کارمەندان، بەتایبەت مافی خانەنشین بوون.
8- ژمارەیەک کەم لە کارمەندان دەستەبەری کۆمەڵایەتییان هەیە لە کەرتی تایبەت.

**ئەنجامگیری**

1- ژمارەی کارمەندان لە کەرتی تایبەت کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی (بیمە) یان هەیە (110917) کارمەندە لە هەرێمی کوردستان. ئەو ڕێژەیەش زۆر کەمە بە بەراورد بەو ژمارەیەی کە لەم کەرتە کار دەکەن.
2- ڕەوشی کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە لایەنی هەبوونی دەستەبەر (بیمە) و مافی خانەنشین بوون، لە ڕەوشێکی خراپ دایە، بە پێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان دەستەبەریان بۆ نەکراوە، بەو هۆیەش بێبەش دەبن لەو مافانەی کە لەو یاسایە دا هەیە بە تایبەت مافی خانەنشین بوون.

بە پشت بەستن بە ئاراستە تیۆری بەکارهاتووی (کارل مارکس) بۆمان دەردەکەوێت کە کارمەندان لە کەرتی تایبەت لە ڕەوشێکی خراپی ئابووریدان، بەهۆی کەمی مووچە و نەبوونی خاوەندارییەتیان لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

**پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:**

1- پێویست وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە چاودێری کۆمپانیاکان و شوێنەکانی تایبەت بە کەرتی تایبەت بکات، بۆ ئاگادار بوون لە ڕەوشی ژیانی کارمەندان.
2- پێویستە لیژنەی هاوبەش هەبێت لە نێوان وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی باشترکردنی ڕەوشی ژیانی کارمەندان.
3- کردنەوەی خولێکی ساڵانە لە لایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی هۆشیاریکردنەوەی کارمەندان سەبارەت بە ئاگادار بوون لە ماددەکانی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. هانیان بدەن تاکو ناوی خۆیان تۆمار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
4- ئاگادارکردنەوەی خاوەنکاران بە پابەند بوون بە ماددەکانی یاسای کاری عێراقی و ماددەکانی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. چونکە جێبەجێبکردنی ماددەکانی یاسای کار وەک خۆی لە لایەن کۆمپانیا و خاوەنکارەوە ، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی باش دادەبێت.
5- پێویستە لەهەرێمی کوردستاندا دامودەزگا حکومیەکان بەچاوی هاوکاری و کارئاسانی و یارمەتیدەر وێنایان بکێشن و دەستی هاوکاری و تەبایی بۆ کارمەندان و کەرتی تایبەت بۆ درێژبکەن. بەوهیوایەی ئایندەیەکی گەشتر و ئاوەدانتر چارەنوسی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت بێت.

**سەرچاوەکان:**

**1- سەرچاوە کوردییەکان:**


- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد، 2012، ئینساکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەوڕەحمان، یادگار، 2014، بەڕێوبەر و پلانسازی، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
- حەسەن، ئیحسان محمد (2012)، تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان، وەرگێرانی، دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خلیل، معین، 2009، ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، وەرگێرانی، شەهلا وەلی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- عەلی، فەیسەڵ، 2012، بەتایەتیکردن وەک میتۆدێکی ڕیفۆرمی ئابووری، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
- عەلی، نەهرۆ، (2009)، زانستی ئابووری، چاپخانەی خانی، دهۆک
- قادر، کەیفی مەغدید، ئەوانی تر، 2016، ڕەوشی مافی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. پرۆژەی هاوبەشی هەردوو ڕێکخراوەی ئاشتی و ئازادی لە هەرێمی کوردستان(PFOK) و ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی، (NPA).
- کوزەر، لویس، سیدمەن، ستیڤ (2014)، سۆسیۆلۆژیای کارڵ مارکس، وەرگێرانی، حەمە قادر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- کۆهێن، برۆس، 2014، بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، چەکۆ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- گیدنز، ئەنتۆنی، (2012) کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

- محمد، عبالسمیع، فتاح، رێبین، 2021، ڕەوشی كار و كرێكارانی مێینە لە كەرتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان، ئەم توێژینەوەیە لە لایەن ڕێكخراوی ئاشتی و ئازادی بەهاوكاری ڕێكخراوی فریاگوزاری نەرویجی (NPA)، لە عێراق و كوردستان ئەنجامدراوە.
- موهەندیس، نەوزاد، 2019، ڕۆڵ و گرنگی كەرتی تایبەت لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی وڵاتدا، وەرگیراوە لە بەرواری 2022/4/1، لە سایتی https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=3156&nuser=1035
- هاودیانی، ڕێبوار مەغدید، 2019، یاسای كار لەژێر ڕۆشنایی یاسای بەركار لە هەرێمی كوردستان، ژمارە (71)ی ساڵی (1987) و یاسای كاری عێراقی ژمارە (37)ی ساڵی (2015)، چاپی كۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.
- یاسای خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی كرێكاران، ژمارە (4)ی (2012).

**2- سەرچاوە عەرەبییەكان:**

- أبو عرة، مراد شاهر عبدالله، 2013، حقوق العمال بين قانون العمل وقانون الضمان الاجتماعي، جامعة النجاح الوطنية فى نابلس، كلية القانون.
- الأسمري، مشبب بن غرمة، 2016، المسؤلية الأجتماعية للقطاع الخاص تجاة العاملين، جامعة الملك بن عبدالعزيز، كلية الأداب والعلوم الإنسانية، قسم علم الاجتماع والخدمة الاجتماعية، مجلة جامعة الملك بن عبدالعزيز الأقتصاد والأدارة، م.30 ع 1، ص ص: 95-138، 2016.
- بن الحاج، ياسين، 2016، دور القطاع الخاص فى دعم التنمية الأقتصادية المحلية، دراسة حالة الجزائر، مجلة الإستراتيجية والتنمية، Volume 6, Numéro 10, Pages 229-256.
- حمدونة، محمد أشرف خليل، 2017 ، العوامل المحددة للشراكة بين القطاعين العام والخاص ودورها في نمو الاقتصاد الفلسطيني، الجامعة الإسلامية بغزة، كلية التجارة، قسم اقتصاديات التنمية.
- خميس، أسامة، 2017، ماهو الضمان الاجتماعى، https://mawdoo3.com/، فى تاريخ (2022/4/5).
- رحمانى، زبيب، 2015، دور القطاع الخاص فى التنمية المحلية، جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية،
- الرشيدي، منال سالم شوق، 2010، الحماية القانونية للأجور فى قانون العمل الأردنى والكويتي، دراسة مقارنة، جامعة الشرق الأوسط كلية، الحقوق، قسم القانون الخاص، رسائل ماجستير غير منشورة.
- قانون العمل رقم (37) لسنة، 2015، الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق.
- قانون العمل، لسنة (1987)، رقم (71)
- كريم، بوخدخ، و مسعود، بوخدخ، 2011، رؤية نظرية حول استراتيجية تطوير القطاع الخاص فى النشاط الأقتصادي، جامعة محمد صديق يحي – جيجل- كلية العلوم الإقتصادية والعلوم التجارية و علوم التسير.
- مخامره، محسين، 1991 ، تعويضات العاملين فى القطاع الخاص فى الأردن: دراسة لانظمة التعويضات وممارستها فى الشركات الأردنية، الجامعة الأردنية، مجلة أبحاث اليرموك، سلسلة العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد 7، العدد 4، 1991.
- مؤتمر العمل الدولي، 2011، الضمان الاجتماعي من أجل العـدالة الاجتماعية وعولمة عادلة، مؤتمر العمل الدولي، الدورة المائة، جنيف.

**3- سەرچاوە ئینگلیزییەكان**

- Ali, haithem taha ,mohammed, 2007, Kurdistan business agenda, technical report published by: Center for International Private Enterprise (CIPE) 2007d: 10 April 2020 Revised and Accepted: 26 June 2020.
- Brachet, isabelle and others, 2017, 10- point roadmap for Europe on the role of the private sector in development, concord Europe rue-de l"industrie 10-1000 brussel Belgium.
- Don, mattinedale, 1960, The Nature and Types of Sociological Theory, first published in England in 1961 by Routledge, The International Library of Sociology: 274 Volumes.
- Jordan, Z . A, 1971 karl marx: economy class and social revolution, published in the United States of America Copyright under the Berne Convention, Library of Congress Catalog Card Number 74-3770 ISBN 0-684-13946-4.
- Kasongo, tukumbi Lumumba, 2017, contemporary theories of conflict and their social and political implication, published by: Peace, Security and Post-Conflict Reconstruction in the Great Lakes Region of Africa.
- Marx, karl, &friedrech engels, the communist manifesto, edited by: Samuel H. beer, Harvard university
- Mello, laveena D, 2018, The Quality of Work life and Job Satisfaction of Private Sector Employees, International Journal of Management, Technology, and Social Sciences (IJMTS) A Refereed International Journal of Srinivas University, India, ISSN: 2581-6012, Vol. 3, No. 1, January 2018.
- Muhl, Charles j, 2002, what is an employee? The answer depends on the law, Monthly Labor Review, v125 n1 p3-11 Jan 2002.
- Ozgur, ongore, 2012, (working Conditions of Employees in Private Sector in Kastamonu), Institution/Affiliation: Ankara University, Labor Economics and Industrial Relations Department, PhD student. Conference: IREC/ESA RN 17 joint conference 2012, at Lisbon project labour market.
- Ssali, zanyar jabbar rashid, and others, 2020, Development obstacles of the Private sector in the Kurdistan Region of Iraq, (The experience from SMEs in Erbil), journal of critical reviews Received: 10 April 2020 Revised and Accepted: 26 June 2020.
- T.N, bauer & D.M, Truxillo, 2000, temp-to permanent employee: A longitudinal study of stress and selection success. Journal of Occupational Health Psychology.

- United Nations Universal Declaration of Human Rights, United Nations 1948, genered by: SiSU Metadata, document information, 2015.
- Veas, Sarah, &. Huyse, Huib, 2016, the role of the private sector in development cooperation: three case studies in south Africa, ku leuven: buitenlands beleid, international ondernemen en ontwikkelingssamenwerking, 2016, feb,30.


**الوضع المعيشي للعاملين فى القطاع الخاص وفق قوانين العراقية للعمل والضمان الاجتماعي**

**دراسة تحليلية فى مدينة اربيل**


**دانا رحمان خضر**
قسم علم الاجتماع - كلية اداب / جامعة الصلاح الدين-اربيل
dana.khidr@su.edu.krd

**صباح احمد نجار**
قسم علم الاجتماع - كلية اداب / جامعة الصلاح الدين-اربيل
sabah.najar1@su.edu.krd



**ملخص**

يعتبر القطاع الخاص أساساً لتطوير النظام الاقتصادي في كل بلد. على عكس القطاع العام ، فإن هذا القطاع يدار من قبل الأفراد والشركات، لذلك فإن أهداف معظم المؤسسات في هذا القطاع تعتمد على الربح. في إقليم كردستان، شهد هذا القطاع نموا جيدا مقارنة بالسنوات السابقة. ومع ذلك، فهو لايزال في بدايه نموه مقارنة بالدول الصناعية. ومما يشكل الجزء الفعال فى هذا القطاع هو القوى العاملة مع الأفراد والاعضاء الذين يساهمون بقسط وافر في اقتصاد أي بلد والقطاع الخاص على وجه الخصوص، والذين يعملون ضمن مجموعة من الحقوق والامتيازات التي يحددها القانون. وفي هذا السياق، يتم انتهاك هذه الحقوق في بعض الأحيان، سواء من قبل أرباب العمل أو لهم من خلال القيود المفروضة على الحقوق والامتيازات من قبل المؤسسة نفسها. إن انتهاك الحقوق الأساسية للعاملين في هذا القطاع وعدم إيفائها، له تأثير كبير على الحياة الاجتماعية والاقتصادية للموظفين، وهي المشكلة الرئيسية في هذه الدراسة. وعلى هذا الأساس فإن الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو عرض حقوق العاملين في القطاع الخاص، وذلك من من خلال استخدام منهج التحليل الوصفي، فإن حقوق العاملين وفق قانون العمل العراقي رقم (71) لسنة (1987) و تحليل قانون التقاعد والضمان الإجتماعي رقم (4) لسنة (2012). بعد تحليل البيانات توصلنا إلى الاستنتاجات التالية: يحدد قانون العمل العراقي بعض الحقوق المهمة للموظفين، فا إذا تم تنفيذها كما هي، فسيكون الموظفون في وضع اقتصادي واجتماعي جيد مثل: ساعات العمل، الإجازات، معدات السلامة، الظروف الصحية. كما يضمن قانون المعاشات والتأمينات الاجتماعية للموظفين، التوظيف الدائم ويقلل من مخاطر فقدان وظائفهم ، ويلعب دورا مهما في تحديد مستقبل الموظفين وخاصة حق التقاعد الذي يعتبر حقا مهما للموظفين.


**الكلمات الدالة** :العامل, القطاع الخاص, الوضع المعيشية, قانون العمل, الضمان الأجتماعى .

**Living Conditions of Employees in Private Sector According to Iraqi Labor Law and Social Security- An Analytical Study in Erbil City**


**Dana Rahman khidr** **Sabah Ahmad Najar**
Sociology Department, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
dana.khidr@su.edu.krd sabah.najar1@su.edu.krd



**Abstract**

The private sector plays a big role in the development of the economic system. In contrast to the public sector, this sector is run by individuals and companies. For this reason, the primary focus of those private institutions is based on profit. Although in the Kurdistan Region the private sector is still at the beginning of growth, it has developed a lot compared to the last two decades. The thing that drives this sector is the labor force. The labor force plays a big part of the economic system in the world, especially in the private sector. They work under certain rights and privileges that have been regulated by law. In this context, sometimes their rights are violated by the institutions where they work or by the owner of the workplace. Violation of those rights has had a big negative impact on an employee’s social and economic situation, which is considered the main subject of this study. However, the main purpose of this study is to expose employees' rights in the private sector. The descriptive analytical method has been used in explaining the rights according to Iraqi labor law No. 71 of 1987 and retirement and social security laws No. 4 of 2012. In conclusion, we have found that the Iraqi labor law provides many significant rights to employees. If they are implemented, the employee’s economic and social situation would be much better in terms of working time, day off, safety equipment, health insurance, and working conditions. Retirement and social security laws ensure permanent employment to employees and reducing the risks of losing jobs by the employees.


**Key words:** Employee, Private Sector, Living Condition, Iraqi Labor Law, Social Security.